# پرۆژەی یاسای دیکۆمێنتپارێزی
# لەهەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی یەکەم**

سەنتەرێك بۆ دیکۆمێنتپارێزی لە هەرێمی کوردستان- عێراق دادەمەزرێ‌و بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێنرێت.

**ماددەی دووەم**

أ- سەنتەرەکە گرنگی دەدات بە پاراستنی دیکۆمێنتەکانی کە لە فەرمانگە فەرمییەکان یان نیمچە فەرمییەکاندا هەن‌و دیکۆمێنتەکانی دیکەی مێژوویی‌و ئابووریی‌و بازرگانی‌و پیشەسازیی‌و رۆشنبیریی بەهەموو جۆرەکانییەوە، نووسراوو بیسراوو بینراوو هەروەها نیگارو نەخشەو کۆمپیوتەرو هی ترەوە، لەتەك ئەو دیکۆمێنتە کەسایەتیانەش ئەگەر توانرا چنگ بکەون.

ب-سەردانی ئەرشیفی دیکۆمێنتەکان بە پیرەو رێك دەخرێ.

**ماددەی سێیەم**

سەنتەر کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیەو سەربەخۆیی دارایی‌و کارگێریی خۆی هەیەو بۆی هەیە هەموو رێکارێکی یاسایی بگرێتەبەر.

**ماددەی چوارەم**

**سەنتەر ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام دەدات :**

١. داواکردن لە فەرمانگەکانی حکومەتی‌و نیمچە حکومەتی، پەراو (ئەوراق)ی فەرمی پارێزراو لەلایان کە بیستوپێنج سالّیان لەرۆژی دەرچوونیانەوە بە سەرداچووبێ رادەستی سەنتەر بکەن.

٢. کرینی دیکۆمێنتی تایبەتی وەها کە نرخێکی زانستی یان سیاسی یان مێژووییان هەیە.

٣. بەستن و رێکخستنی کۆنگرەو سیمیناری تایبەت بەبابەتی ئەم یاسایەوە، جا لەهەرێم بێ یاخود لە دەرەوەیدا.
٤. ئالوگۆڕکردنی شارەزاییو ئەزموونو لێکۆڵینەوەو سیستم لەبواری دیکۆمێنتیدا کە تایبەتمەندیی هاوشێوەیان هەبێت.
٥. ئەنجامدانی باسو لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیاریی پەیوەست بەو سیستمانەی کە پەیوەندیدارن بەکارەکانی سەنتەرەوە.
٦. پاراستنی دیکۆمێنتەکانو هەڵگرتنیان بەشێوازگەلی زانستی تەکنیکی وا کە دەستەبەری پاراستنو سەلامەتی پەڕەکانیو بەرگو دۆسیەکانیان بکات.
٧. پێڕستکردنی دیکۆمێنتو پۆلێن کردنیانو لێکۆڵینەوەیانو ئامادەکردنی باسو لێکۆڵینەوە لەپێناوی گەڕانەوە بۆیان، بۆ ئاسانکاریی ئەرکی توێژەرو لێکۆڵەرەوان.
٨. گرینگی دان بە دیکۆمێنتو وێنەو دەستنووسو دیزاینو نەخشەکان لەڕێگەی نۆژەنکردنەوەو پاککردنەوەو پاراستنو بەردەوامی پێدانیان.
٩. دانانی پلانو بەرنامەی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەنتەرو دابینکردنی کادیری هونەری بۆی، بۆ کۆکردنەوەو پاراستنو پۆلێن کردنی دیکۆمێنتەکانو نامەو یادداشتو وێنەکانو هی تر.
١٠. کارکردن لەپێناوی گەشەپێکردنی شارەزایی زانستیو هونەریی کادیرەکانی ڕاگەیاندن تاکو بتوانن سوود لەم دیکۆمێنتانەو سەنەدە پارێزراوەکان وەرگرن.
١١. ئاشکرانەکردنی دیکۆمێنتی نهێنی کە پەیوەندیان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبێو ڕێگە لە ئەو دەست ئەمدەستو بڵاوکردنەوەیان بگیرێت.

## ماددەی پێنجەم

**سەنتەر لەمانە پێکدێ:**

١. بەڕێوەبەری گشتی سەنتەر، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەیپاڵێوێو بە مەرسوومێکی هەرێمی دادەمەزرێ.

٢. ژمارەی ئەندامانی لەشەش ئەندام رەت ناکات کە نوێنەری وەزارەتەکانی رۆشنبیریی‌و فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی‌و پەروەردو ئەکادیمیەی کوردی‌و دەبێت بەکەمی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان هەبێت‌و لێزانی‌و پسپۆڕیان لەدەساڵ کەمتر نەبێت.

٣. ماوەی ئەندامیەتی لەسەنتەردا چوار ساڵە.

## ماددەی شەشەم

دەبێ سەنتەر نهێنی دیکۆمێنتەکان‌و ئەو شریتانەی کە لە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی بەدەرکراون بپارێزێ‌و ئەگەر بەرژەوەندیی وای خواست یاخود بەپێی مەرج دانانی خاوەن پەیوەندییەکان.

## ماددەی حەوتەم

**بودجەی سەنتەر لەمانە پێکدێ:-**

أ- ئەو گوژمە پارانەی کە حکومەت بۆی تەرخان دەکات.

ب-ئەو بەخشش‌و یارمەتی‌و دیارییانەی کەسەکان یان دەستەکان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێشکەشی دەکەن.

ج-کرێی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هاموشۆکەرانی سەنتەر پێشکەشی دەکەن.

## ماددەی هەشتەم

هەر کەسێکی دیکۆمێنتی گشتی لەلابێ، پێویستە بەم سەنتەرەی بسپێرێ‌و بە پێچەوانەوە تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێ بەگوێرەی یاساکانی بەرکار.

## ماددەی نۆیەم

پێویستە لەسەر فەرمانگە فەرمییەکان‌و نیمچە فەرمیەکان هاوکاریی سەنتەر بکەن بەپێدانی دیکۆمێنت‌و راپۆرت‌و ئەوراقی کە داوای دەکات بەپێی ئەم یاسایەو پێویستە ئەو لایەنانە ئەوارق لەناونەبەن تەنیا مەگەر بە ئامادەبوونی ئەندامێك لە سەنتەرەکەوە بێت تاکو ئەوەی شیاوی پاراستن بێ هەڵبژێرێت.

## ماددەی دەیەم

أ- هەندێ لە دیکۆمێنتەکان سەیر ناکرێن، مەگەر دوای تێپەڕبوونی ماوەی دیاری کراو نەبێ‌و بەم شێوەی خوارەوە:

- (٢٠) ساڵ لە مێژووی کۆتایی هاتنی ئەو داوایانەی خراونەتە بەردەم دادوەریی‌و هیچ پەیوەندییەکی بەژیانی تایبەتی کەسانەوە نەبێ.
- ( ٣٠) ساڵ لەمێژووی سەنەد یا دیکۆمێنت بۆ ئەو دیکۆمێنتانەی کە بۆ حکومەت یا دەوڵەت بەکەڵکن‌و بەپێرەوێك ڕێك دەخرێن.
- (٦٠) ساڵ لەرۆژی لەدایکبوونی کەسەکەوە بۆ ئەو دیکۆمێنتانەی کە زانیاریی کەسیەتی کە شێوەیەکی پزیشکی هەیە.

ب-دەشێ سەیری دیکۆمێنتی پارێزراوی دیکە لەم سەنتەرەدا بکرێ بەبێ ئەوەی ماوەی دیاری کراوی هەبێ.

## ماددەی یازدەم

دەشێ هەر کەسێ مۆڵەتی وەرگرتبێ سەیری ئەرشیف بکات‌و دانەیەکی لەسەر کیسەی خۆی لێ کۆپی بکات بەبێ ئەوەی زیان بەمافی موڵکیەتی هزری (فکری) بگەیەنێ.

## ماددەی دوازدەم

ئەگەر دەرکەوت ئەو ئەرشیفەی کەسانی سروشتی یا مەعنەوی لەلایانە پەیوەندیدارە بەکاروباری گشتی حکومەت هەر کاتێك ویستی دەتوانێ وەریگرێتەوە.

## ماددەی سێزدەم

ئەو دیکۆمێنتانەی لەسەنتەر پارێزراون قابیلی حیجزو دەستکاریی کردنیان یان بەموڵك کردنیان بەرەت بوونی کات نییە.

## ماددەی چواردەم

هەر فەرمانبەرێك ڕاسپێردابێ ئەرشیف کۆبکاتەوەو بپارێزێ، دەبێ نهێنی کارەکەی بپارێزێ لەبارەی ئەو دیکۆمێنتانەی کە بەدەرکراون لەمافی سەیرکردنیان.

## ماددەی پازدەم

هەر کەسێك دیکۆمێنتێکی گشتی یا تایبەتی پارێزراو لە سەنتەر لەناوببات یان تەزویری یکات بە گوێرەی یاساکانی بەرکار سزا دەدرێت.

## ( هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی )

دیکۆمێنتەکان بەهۆی کاریگەریی ئەو ماددانەی بەشداریی لە دروستکردنیان دەکەن تووشی تێکچوونو لەناوچوون دەبن یان لەئەنجامی شێ هێنانەوەو گەرمیو وشکیو رووناکیو هۆکاری بایلۆژی یان فیزیکی یان کیمیایی دادەرزێن یان بەهۆی جەنگو سووتانو کارەساتی سروشت لەناودەچن یان بۆ شاردنەوەی راستییەکان دەفەوتێنرێن. بۆیە پێویستە لەسەرمان ئەم کەلەپوورە (دیکۆمێنتە) بپارێزین بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای پەرەپێدراو بۆ پاراستنی دیکۆمێنتەکانو پاراستنیان لە کوردستان، بەو ناوەی زەخیرەیەکی بەهادارەو بەهیچ نرخێك ناخەملێندرێ.